



**Judy & Punch 2019**

پێش ئەوەی فیلمەکە باس بکرێت ئەمە کتێبێکی زۆر بەناوبانگە بە ناوی " جودی و پانچ"ە. پێش ئەوەی ببێتە کتێب ئەمە شانویەکی گەروک بووە، وابزانم لە سەدەی شانزدە ئەم نمایشە سەری هەڵداوە و دواتر بووە بە کتێب لە لایەن (جورج کروکشێن) کە لە نێوان سەدەی حەڤدە و هەژدە کەوتووتە بازار، وە دواتر ئەم کتێبە کراوە بە فیلم.



ئەم نووسەرە جگە لە نووسین، کاریکاتورێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمەش بووە، زۆربەری کاریکاتورەکانی ئەو سەردەم هی ئەم بوونە بە تایبەتی کاریکاتورەکانی کتێبی "چارلزد دیکێنز" و "ئولیڤەر تویست".

ئەم فیلمە فیلمێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە باس لە ژیانی دوو هونەرمەند دەکات، مێردێکی بەناوبانگی سەرخۆش و ئافرەتێکی جوان و دەست ڕەنگین، فیلمەکە بابەتەکەی زیاتر کومێدیایە بەڵام دواتر دەبێتە تراژیدیایەکی زۆر گەورە.




بۆیە دواتر "پانچ" بەسەرخۆشی منداڵەکەی دەکوژێت و دواتر بە گۆچانێک ژنەکەی بێ هۆش دەکات و لە دارستان فڕێی دەدات، بەم کارەی دوو خزمەتکارەکەی تاوانبار دەکات و خەڵک داوای سێدارەدان بۆ دوو خزمەتکارەکە دەکەن،



ئەوانیش دوو خزمەتکاری پیرن، بەڵام ڕووداوەکە ئاوا سەر ناگرێت و کومەڵە خەڵکێک کە لە دارستان دەژین پێم وایە قەرەج بن، جودی لە دارستان دەدۆزنەوە و تیماری و دەکەن بەم کارە جوانەیان جودی زۆر دڵی خۆش دەبێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە شار و تۆڵە لە مێردەکەی بکاتەوە.

بەڵام لە هەندێ شوێنی فیلمەکە موسیقایی کومێدی بەکارهاتووە لە کاتێکدا ڕووداوەکان تراژیدیایی بوون.

بۆیە دواتر ئەو کەسانەی ناودارستانیش بەم کارە یارمەتی جودی دەدەن و ئەویش بە ئاواتەکەی دەگات.


PUNCH AND JUDY,
WITH ILLUSTRATIONS
DRAWN AND ENGRAVED
BY
GEORGE CRUIKSHANK.
ACCOMPANIED BY THE DIALOGUE OF THE PUPPET-SHOW, AN ACCOUNT OF ITS ORIGIN, AND OF PUPPET-PLAYS IN ENGLAND.
SECOND EDITION.
LONDON:
PRINTED FOR S. PROWETT, 55, PALL MALL.
1828.

**وێنەیەکی کتێبەکەی ساڵی 1828**

ئامادەکردنی : حۆسێن نادر (حسو)

**Facebook: Hosein Nadr**

**Instagram: hichkac**

**کوردپیدیا ماڵپەڕێکە بۆ ئەو کەسانی دەیانەوێت زیاتر بزانن**

**www.kurdpedia.org**